# پیرۆزبایی ئەحمەد دەشتی

بە یادی پێجەمین سال رۆژی لە دایک بوونی ماڵپەڕی ڕەنگینی پڕ لە ناوەرۆک و سودمەندی کوردستان نێت کە لە ماوەی ئەو پێنج سالەدا توانیویەتی سەربەرزانە لە ئاستێکی ڕەند و جوان دا ئەم ئەرکە پیرۆزەی ڕاگەیاندن و خزمەت بە ڕۆشەنبیری گەلی کورد سەرکەوتوانە ئەنجام بدات و لە ڕێگەی زانیاری و ڕۆشەنبیری دا لە سەر لاپەرەکانی ئەنتەر نێت دا بۆ خزمەت بە کوردستان خۆی تەرخان بکات و لە ئاستێکی بڵند دا خۆی بنوێنێ و ببی بە سەرچاوەیەکی لە بار بۆ بڵاو کردنەوەی بەرهەمی نوسەران و هۆزانوانان و خاوەن بۆچونەکان و هونەرمەندانی کورد کە ئەمەش خزمەتێکی تا بلێی مەزنە کە توانیویەتی لە هەموو بوارێکەوە ئەم ئەرکە مەزنە ئەنجام بدات ، دیارە کە ئەمەش بۆ خۆی هەستی پاکی دیموکراتیەتی ڕاگەیاندن وەدەردەخات ، منیش وەک کوردێک و هاوکار بە نوسین و هۆزانەکانم لە کوردستان نێت دا سەربەرزم ، بە هیوام کە بەرپرسیاران و هەڤالانی ئەم لاڵپەرە ڕەنگینەی کوردستان نێت هەمیشە لە ڕێگەی خزمەت بە کوردو کوردستان و ئەو ئەرکە پیرۆزەی ڕاگەیاندنی کوردی بۆ ڕۆشەنبیری زیاتر و لەبارتر بۆ خزمەت بە گەلی کوردو کوردستان هەر سەرکەوتوو بن و کوردستان نێت بەو شێوازە لە بارو پوختەی دا هەر لە گەشە کردن و سەرکەوتن دابێت و هەردەم وەک کە هەیە ببێ بە هێمای ڕاگەیاندنێکی سەرکەوتوانەو ئەو ئەرکە پیرۆزەی کە لە ئەستۆی دایە بۆ خزمەت بە کێشە ڕەواکەی هەر بۆ کورد و کوردستان بێت و بۆ هەتایەش لە سەر لاپەڕەکانی ئەنتەر نێتی جیهانگیری دا گەشەدار تر ببێت و هەموو کارە بەرچاو و لە بارەکان بەرەو پێشەوە تر ببەن و چی کە کەم و کوڕیەکان و کەم تەرخەمیەکانیشە بەرەو بن بڕ کردنیان ببەن .

دیسان لە گەل ڕێزێ خۆشەویستیمان دا بۆ بەرپرسیارانی کوردستان نێت ئارەزووی هەمیشە سەرکەوتن دەخوازم و هەر شاد بن.